# The Kurds' Intelligence and Consciousness in the View of British Travelers (1900-1932)

Dlgash Said Saido[1], Amanj Ahmad Mustafa [2]
[1]Department of Social Sciences, Faculty of Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq,
[2]Department of History, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan, Region, Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.42*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*This study focuses on the cultural aspects of Kurds from the perspective of British travellers in the first third of the twentieth century. British explorers revealed a lot of information about Kurds and Kurdistan during that period and their works became original sources. Therefore, when they talk about the cultural aspects and intelligence of the Kurds, they also show the backwardness and illiteracy of the Kurds. we are investigating whether this is deliberately attributed to the Kurds or whether it is the nature of the Kurds, and what are the reasons for that. In terms of methods and how to collect information and drafting, in this study, we first analyse the records and memoirs of the travellers and compare them with the history of Kurds and Kurdistan based on other sources at that time to reach a correct conclusion. The summary of the results is that although there are signs of illiteracy, backwardness and weakness of intelligence in Kurdish society, but there were reasons for it. The travellers have evaluated it at the European level, or linked it to a regional tradition, while it has been proven that the Kurds, if given the opportunity, would civilize faster than the surrounding nations.*

***Keyword***: *Kurdish, Travelers, British, Intelligence, Literacy, Backwardness.*

# ڕۆشنبیری و هوشیاری کوردان لە دیدی گەڕیدەکانی بریتانی (١٩٠٠ – ١٩٣٢)

١. م. ی. دلگش سعید سیدۆ

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

ئیمەیل: dlgash.saido@soran.edu.iq

٢. پ. ی. د. ئامانج احمد مستەفا

بەشی مێژوو، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

ئیمەیل: amanj.mustafa@soran.edu.iq

**پوختە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تیشک دەخرێتەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و شێوازی بیرکردنەوەی کوردان لە دیدی گەڕیدە بریتانیەکان لە سێیەکی یەکەمی سەدەی بیستەم. گەڕیدە بریتانیەکان گەلێک زانیاریان لە سەر کورد و کوردستان درکاندوە لەو ماوەیەدا. بەرهەمەکانیان بوونەتە سەرچاوەی ڕەسەن. بۆیە کاتێک باس لە لایەنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری کوردەکان دەکەن، زۆرجار باسی دواکەوتوویی و خۆشباوەڕی و ساویلکەییان دەکەن. لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە دەکەین، تاوەکو بزانین، ئایا ئەمە بە مەبەست دراوەتە پاڵ کوردەکان یاخود سروشتی کورد وایە؟ ئایا لەو سەردەمە، تاچەند ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی کوردان بە پێشکەوتوو دەبینن؟ هۆکارەکان چین؟ ئەمە چ کاریگەریەکی کردۆتەسەر ناوبانگی کورد؟ لە ڕووی مێتۆد و چۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیاری و داڕشتنەوە، لەم توێژینەوەیەدا، سەرەتا شیکردنەوە بۆ تۆمار و یاداشتەکانی گەڕیدەکان دەکەین و لەگەڵ مێژووی کورد و کوردستان بەراوردی دەکەین، بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی تر لەو سەردەمە، بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست لە سەر ڕەوشی ڕۆشنبیری کوردەکان.

کورتەی ئەنجامەکان ئەوەیە، کە هەرچەند ئاماژەی نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و لاوازی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگای کوردیدا تێبینیدەکرێت، بەڵام هۆکاری خۆی هەبووە، گەڕیدەکان بە ئاستی ئەوروپیانە هەڵسەنگاندنیان بۆ کردوە، یاخود ڕۆشنبیری کورد دەبەستنەوە بە بارودۆخی ڕۆشنبیری لە ناوچەیەکی سنووردار. لە بەرامبەردا دەرکەوتوە، ئەگەر کوردەکان دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، ئەوا ئامادەیی ئەوەیان تێدایە، بە شێوەیەکی خێراتر بەرەو شارستانیەت هەنگاوبنێن.

**وشەکلیلیەکان:** کورد، گەڕیدەکان، بریتانی، ڕۆشنبیری، خوێندەواری، دواکەوتوویی.

## پێشەکی

بەدرێژایی مێژوو ڕۆژئاواییەکان ڕۆڵیان لە یاداشتکردن و تۆمارکردنی مێژووی گەلانی ڕۆژهەڵات هەبووە، لێکۆڵینەوەیان لە زۆر لە بوارەکانی ژیانیان کردوە لە ڕێگەی گەڕیدەییەوە. هەرچەند تا سەدەی حەڤدەهەم پرۆسەی گەڕیدەیی لە ناوچەکە زۆر هێواش بووە، بەڵام لە سەدەکانی دواتر بەولاوە، پێشوەچوونێکی بەرچاو ڕوویدا لە هاتنی گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان بۆ کوردستان، (عمر، ٢٠١٥: ٤٢٤) بە تایبەتی ئینگلیزەکان بەشێوەیەکی کاریگەر و بەرفراوان ئەو ڕۆڵەیان بینیوە، بە تایبەتیش لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، زیاتریش لە سەدەی هەژدە بەولاوە. گەڕیدە و لێکۆڵەرە بریتانیەکان لە چوارچێوەی زانستی ڕۆژهەڵاتناسی گرنگییەکی باشیان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوە.

بەشێکی گرنگ لە کارنامە و نوسین و تۆمارەکانی بریتانی تایبەت بوون بە کوردستان و گەلی کورد. هەندێکیان لە کاتی گەشتەکانیان بە کوردستاندا تێپەڕیون و باسی ناوچەکەیان کردوە، زیاتر ئەوانەی سەدەی نۆزدەهەم، بەم شێوەیە بوون. بەڵام گەڕیدەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم بەولاوە زیاتر تایبەتمەند بووین بە لێکوڵینەوە لە کورد، خۆیان بۆ تەرخانکردوە، بۆیە کاری گرنگیان ئەنجام داوە لەسەر کوردستان، بە تایبەتی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری. هەندێکی تریش وەک دیپلۆماتکاری سیاسی و سەربازی یان قونسولەکان یان وەک لێکۆڵەر و نوسەر، نوسین و یاداشتەکانیان تۆمارکردوە، باسی گەلێک لایەنی ژیاری کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان لە خۆدەگرێت، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ورد و زانستیانە هەیە. (بێرنارد لویس) (١٩١٦-٢٠١٨) ئاماژەی بۆ ئەوە دەکات، کە "گەڕیدەکان زانیاریە ناوخۆییەکان دەخەنەڕوو و سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ مێژوونوس، ڕاپۆرتێکی مەیدانی بۆ زانای کۆمەڵایەتی، زانیاریدەرێکی دەستی یەکەم بۆ سیاسیەکانن" (Lewis, 1968) و لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشک دەخرێتەسەر بارودۆخی ڕۆشنبیری کوردەکان لە گەشتنامە و یاداشتەکانی بریتانیەکان لە سێیەکی یەکەمی سەدەی بیستەم.

### گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژیەنەیە لەوەدایە، کە بەشێکی گرنگ لە مێژوو و کولتووری کوردان لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت لەدیدی گەڕیدە بریتانیەکان، بەتایبەتی بۆ توێژەران و خوێنەرانی کورد سەبارەت بە لایەنی ڕۆشنبیری و هوشیاری کوردەکان، کە لێکۆڵینەوەی پێویستی لە بارەیەوە نەکراوە. هەروەها هەم ئاشنای گەڕیدە بریتانیەکان بن و هەم لە چۆنیەتی دیدی ئەوان بۆ کورد و کوردستان دەگەین. دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەتایی بۆ ئەوانەی بیانەوێت شارەزاییان هەبێ یان لیکۆڵینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەکان بکەن لە سێیەکی سەدەی بیستەم.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە گرنگیدانە بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی لایەنی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی کوردەکان لەو سەردەمەدا، گرنگیدان و لێکۆڵینەوەیە لە بەرهەمەکانی گەڕیدە بریتانیەکان بۆ ئەو بارودۆخە، بۆئەوەی وێنایەکی ڕاست و دروستی کورد و کوردستان بخرێتەبەرچاوی خوێنەران و توێژەران.

**سنووری توێژینەوە:**

سنووری توێژینەوە لە ڕووی سەردەمەوە ڕوونە، بەپێی ناونیشان دیاریکراوە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەم توێژینەوەیە، کار لە سەر بەرهەمەکانی گەڕیدە و یاداشتەکانی گەڕیدەی بریتانی و هەندێک لە دیپلۆماتکارەکان دەکات، کە لە فۆرمێکی گەڕیدەیی کاریانکردوە و بە دوای زانیاریەکاندا گەڕاون. بە تایبەتیش ئەوانەی بە ڕێژەیەکی بەرچاو باسی لایەنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و خوێندەواری یان پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی کوردیانکردوە. لەبارەی وەرگرتنی ئەو سەردەمە، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ – ١٩٣٢ ـە. لەو ماویەدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە گەڕیدە و لێکوڵەری بریتانی جۆراوجۆر هاتوونەتە کوردستان و گەشتنامە و یاداشتیان هەبووە، بە تایبەتی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بە سەردەمێکی زێڕینی کاری گەڕیدەیی بریتانی لە کوردستان دادەنرێت، لە چاو سەردەمەکانی پێش و دوای خۆی، (Oshia, 1907).لەبارەی سنووری جوگرافی، بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە تەواوی کوردستانی گەورە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەڵام شتێکی گرنگ، کە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە، بە پێی دیاردەکە وێنەیەکی گشتی کورد و کوردستان دەخرێتەڕوو، نەک هەر ناوچەیەک یان شارێک یان قەزایەک بە جیا وەربگیرێت.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە و لایەنەکانی باسکردن:**

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، لە تەوەری یەکەم ئاماژە بە گەڕیدە بریتانیەکانی ئەو سەدەمە دەدرێت و بە لیستێک گرنگترین گەڕیدەکان خراونەتەڕوو. لە تەوەری دووەمدا گرنگی بە بارودۆخی ڕۆشنبیری و خوێندەواری کورد دەدرێت، کە ئایا لە چ ئاستێکدا بووە و گەڕیدەکان چۆن باسیانکردوە. لە تەوەری سێیەمدا، لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕەنگدانەوەی دواکەوتوویی یان سادەیی و خۆشباوەڕی کوردەکان دەکرێت لە تۆماری گەڕیدەکاندا، کە باسیانکردوە و لێکدانەوە بۆ هۆکارەکانی دەکرێت، کە بۆچی بەو شێوەیە باسیانکردوە.

**پرسیاری توێژینەوە:**

ئایا گەڕیدە بریتانیەکان چۆن باسی لایەنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری کوردیان کردوە؟ لەو سەردەمە و تاچەند ئاستی ڕۆشنبیری کوردەکان بە پێشکەوتوو دەبینن یان بە دواکەوتوو، هۆکارەکان چی بوون، چ کاریگەریەکی کردۆتە سەر ناوبانگی کورد؟

**کێشەی توێژینەوە:**

گەڕیدە بریتانیەکان گەلێک زانیاریان لە سەر کورد و کوردستان درکاندوە، لەو ماوەیە و بەرهەمەکانیان بوونەتە سەرچاوەی ڕەسەن. بۆیە کاتێک باس لە لایەنی ڕۆشنبیری کوردان کردوە، زۆرجار باسی دواکەوتوویی و خۆشباوەڕی و ساویلکەیی کوردیان کردوە، لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە دەکرێت، ئایا ئەمە بە مەبەست دراوەتە پاڵ کوردەکان یاخود سروشتی کورد وایە، هۆکارەکان چین بەو شێوەیە وێنای کوردیان دەرخستوە؟

**مێتۆدۆلۆژی:**

لە ڕووی مێتۆد و چۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیاری و دارشتنەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ دەقەکان دەکرێت. سەرەتا شیکردنەوە بۆ تۆمار و یاداشتەکانی گەڕیدەکان دەکرێت و بەراورد دەکرێت لەگەڵ مێژووی کورد و کوردستان بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی تر لەو سەردەمەدا بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست لە سەر ڕەوشی ڕۆشنبیری کوردەکان. بە گوێرەی مێتۆدەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کار لە سەر ئەو داتا و زانیاریانە دەکرێت، کە لەو ماوەیەدا تۆمارکراون، جا هەندێک زانیاری لە سەر کورد و کوردستان لە لایەن خودی کوردەوە تۆمارکراوە، وەک یاداشتەکان یان نوسەرە بیانیەکان یاخود هەندێک لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان، کە لێکۆڵەرانی کورد گرنگیانداوە بە لێکۆڵینەوە و پشتبەستن بەو بڵاوکراوانە، بە بایەخەوە دەنرخێنن لە ڕووی ڕاستی و دروستیەوە بۆ ڕووداوەکان (باوەر، ٢٠٢١: ١٢٥)، دەکرێت بە بەراوردکردنیان لەگەڵ تۆماری گەڕیدەکان هەندێک لە ڕاستیەکانمان بۆ ڕوون ببێتەوە.

**تەوەری یەکەم: گرنگترین گەڕیدە بریتانیەکانی لە (١٩٠٠ – ١٩٣٢) لە کوردستان، جۆر و شێوازی کارکردنیان**

ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیی ئینگلیز لە کوردستان بوونە، بەڵام هەمویان گەڕیدەییان نەکردوە، بۆیە ئەوانەی لێرەدا ناویان هاتوە، زیاتر لەبەرئەوەی لە تەک کارەکانیشیان کاری گەڕیدەییان کردوە. هەروەها تۆماری گەڕیدەکان بوونەتە سەرچاوەی گرنگ بۆ گەڕیدەکانی تری دوای خۆیان. بۆ نمونە: گەڕیدە لیچ پشتی بە یاداشتەکانی هاملتۆن و هەی و ویگرام بەستوە لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری لە بارەی ناوچەی ڕەواندوز. (لیچ، ٢٠٠٥: ١١) هەروەها بیانییەکانی تریش بۆ نمونە خاتوو (هانسن) گەڕیدەی دانیمارکی لە ساڵی (١٩٥٧) لە کوردستان بووە، کە باسی ژیانی کوردی کردوە، بە ڕێژەیەکی زۆر پشتی بە گەشتنامە و یاداشتنامەکانی بریتانی بەستوە (هانسن، ١٩٨٣)

ئەگەر زۆرێکی تر لە بریتانیەکان لە کوردستان هەبووبن، بەڵام کەمتر کاریگەریان هەبووە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری یاخود وەک گەڕیدە یاداشتیان نەبووە، ئاماژەیان پێ نەکراوە،

چونکە دەکەونە دەرەوەی سنووری ئەم توێژینەوەیە. هەروەها هەندێک لەو گەڕیدانەی، کە لەو خشتەیەی خوارەوەدا هەن، لە ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە کەمی ئاماژەپێکراوە، ئەوا هۆکارەکەی ئەوەیە، چونکە باسی ئەو دیاردانەیان نەکردوە. بۆ نمونە: ئەمیدرۆس وەک گەڕیدە لە سەرەتای سەدەی بیستەم هاتوەتە کوردستان و زیاتر لە مێژووی کۆن کۆڵیوەتەوە، وەک ناوچەی میافارقین (Amedroz, 1902) هەروەها لەسەر مەڕوانیەکان لێکۆڵینەوەی کردوە (Amedroz, 1903) دواتر زانیاری زیاتری خستوەتە سەر هەردوو ڕاپۆرتەکانی پێشووتری (Amedroz, 1909).

گرنگترین ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس یان ئەو بریتانیانەی یاداشتیان هەبووە لە سەر شێوازی گەڕیدەکان کاریانکردوە و زانیاریان کۆکردوەتەوە، لەم خشتەیەی خوارەوە خراونەتەڕوو، کە ناوەکانیان بە کوردی نوسراون و لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون، بۆئەوەی بە ئاسانی بناسرێنەوە. هەروەها ساڵی لە دایکبوون و کۆچی دواییان خراوەتەڕوو، بۆئەوەی لە ناو نوسین بەکارنەهێنرێن. هەندێکیان مێژووی لە دایکبوون یان مردن دیار نیە، بۆیە ئاماژەیپێنەکراوە، بەڵام لە لیستی سەرچاوەکان بە ئینگلیزی بەرهەمەکانیان دانراون، گرنگترینیان ئەمانەن:

(خشتەی ناوی گەڕیدەکان)

| ژ | ناوی گەڕیدەکان | تەمەن | ناوهێنایان بە پیتی کوردی |
|---|---|---|---|
| 1 | F. R. Maunsell | ١٨٦١-١٩٣٦ | فرانکلین مانسێل |
| 2 | Bertram Dickson | ١٨٧٣-١٩١٣ | بێرترام دیکسون |
| 3 | Henry Haworth | | هێنری هاوارث |
| 4 | Mark Sykes | ١٨٧٩-١٩١٩ | مارک سایکس |
| 5 | L. Molynex Seel | | ئێل. مولینیۆکس سیل |
| 6 | Ely Bannister Saone | ١٨٨١-١٩٢٣ | ئێلی بانستەر سۆن |
| 7 | Gertrude Lowthian Bell | ١٨٦٨-١٩٢٦ | گێرترود لوثیان بێل |
| 8 | J. G. Lorimar | ١٨٧٠-١٩١٤ | جۆن گۆردن لوریمەر |
| 9 | Noel Buxton | ١٨٦٩-١٩٤٨ | نوێل بۆکستون |
| 10 | Rev.Wigram<br>Edgar. Wigram | ١٨٧٢-١٩٥٣ | ریڤ. ویگرام [1]<br>ئیدگار. ویگرام |
| 11 | G. E. Hubbard | ١٨٧٢- | جی. ئی. هۆبارد |
| 12 | E. W. Noel | ١٨٨٦-١٩٧٤ | ئێدوارد ولیەم نوێل |
| 13 | C. J. Edmonds | ١٨٨٩-١٩٧٩ | سیسیل جۆن ئێدمۆندس |
| 14 | W. R. Hay | ١٨٩٣-١٩٦٢ | ولیەم ڕۆبێرت هەی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 15 | G.R Driver | ١٩٧٥-١٨٩٢ | گۆدفری ڕۆللیس درایڤەر |
| 16 | W. A. Lyon | ١٩٧٧-١٨٩٢ | والآس لاین |
| 17 | A.M Hamilton | ١٩٧٢-١٨٩٨ | ئەی. ئێم. هامڵتون |
| 18 | T.C. Fowle | | تی. سی. فاوڵ |
| 19 | Arnold Wilson | ١٩٤٠-١٨٨٤ | ئارنۆڵد ویڵسون |
| 20 | Elizabeth N. M. Ross | ١٩١٥-١٨٧٨ | ئێلیزابێس ڕۆز |
| 21 | John Hugh | | جۆن هۆگ |
| 22 | H. F. Amidroz | | ئەمیدرۆس |
| 23 | Earl Percy | ١٩٠٩-١٨٧١ | ئێرل پێرسی |
| 24 | Freya Stark | ١٩٩٣-١٨٩٣ | فریێا ستارک [٢] |

ئەگەر سەرنج بدرێتەسەر جۆری گەڕیدە بریتانیەکان و شێوازی کارکردنیان، ئەوا تێبینیدەکرێت، کە دیاریکردنی جۆری گەڕیدەکان تارادەیەک ئەوەندە ئاسان نیە، تاوەکو پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ بکرێت و جۆرەکەی بزانرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا بە چەند ڕێگایەک دەتوانرێت جۆرەکەیان بزانرێت. یەکێک لەوانە ئەوەیە، بە پێی پسپۆڕیە ئەکادیمیەکەی بە تایبەتی ئەوانەی سەدەی بیستەم، کە زۆربەیان پلەیەکی بەرزی خوێندەواریان هەبووە و لە لایەن دەسەڵاتی خۆیانەوە ئاراستەکراون (Oshia, 1997)، ڕێگەی دووەم ئەوەیە، بە پێی ناوەڕۆکی گەشتەکەیان، لە شێوازی نوسین و زیاتر گرنگیان بە چ لایەنێک دابێت، دەکرێت، ببێتە پێوەر بۆ دیاریکردنی جۆری گەڕیدەکان.

ئەگەر لەبارەی گەڕیدەکان هەندێک بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین شێواز و جۆری نوسینی گەڕیدەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، بۆ نمونە، زۆربەی گەڕیدەکانی سەدەی هەژدەهەم لە نوسینەکانیان زیاتر وەسفی بوون، ئەمەش لە لایەک بۆئەوەی سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیان ڕابکێشن، لە لایەکی تر، وەکو ڕێنیشاندەر بن، بۆ ئەو گەڕیدانەی دەیانەوێت لە دوای خۆیان گەشتبکەن. (Muhammed ,2018:32) بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە، زۆربەی گەڕیدەکان بۆ لایەنێک گەشت و نوسینیانکردوە بە تایبەتی بۆ خزمەتی وڵات و نەتەوەکەیان نوسیویانە، (Muhammed,2018:33) بۆیە لەو شێوازە تەقلیدیەی پێشوو دەرچوون، ئەمەش واتای وایە، جۆری گەڕیدەکان زیاتر سنووردار دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر بۆ حکومەت و وڵاتەکەیان بنوسن، ئەوا دەکرێت زۆربەیان لە جۆری سیاسەتمەدار بن. لەبارەی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەوا ئەگەر گەڕیدە بریتانیەکان سەر بە دەسەڵات بووبن، جۆرەکەیان سیاسەتمەدار یان سەربازی بووە، لەبەرئەوەش وەک ئاماژەمان بۆی کرد، گەڕیدە بریتانیەکان بۆ حکومەتەکەیان نوسیوە، بۆیە شێوازی نوسینیان چەند لایەنی سەرەکی لەخۆگرتوە.

**لایەنی یەکەم:** ئەوەیە کە زۆر بە وردی زانیاریەکان دەگەیەنن، بە تایبەتی بۆ ئەو مەبەستەی بۆی هاتوە، چونکە بۆ دەسەڵات نوسیویانە و بەرپرسیار بوونە لە ئەرکەکانیان، بۆ نمونە لە گەشتەکەی (لۆریمەر) لە ساڵی (١٩١٠). ئەم گەڕیدەیە وەک ئەوە دێتەبەرچاو، کە کاتژمێرێکی بەدەستەوە بوو بێت و بە کوردستاندا گەڕاوە و دووری نێوان هەموو شار و گوند و ناوچەکان بە پیادەڕۆ بە سەعات و دەقە تۆمارکردوە، ژمارەی دانیشتوانی بە ژمارە تۆمارکردوە. (لۆریمەر،٢٠٢٠) (مانسێل و دیکسۆن) بە هەمان شێوە، بەرزی و نزمی ناوچەکانی لە ڕووی جوگرافیەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان و ورد دیاریانکردوە ( Maunsell, 1907 ) ( Dickson, 1910). (مێجەر نۆێل) ئاماری دانیشتوان لە پێش جەنگ و دوای جەنگ بەراورد دەکات (نۆێل، ١٩٨٤: ١٠٨) و چەندین نمونەی تر گەڕیدە لەو بارەیەوە هەیە. ئەوەی جێگای سەرنجە تەنیا گەڕیدەکان ئەو کارەیانکردوە، هەروەک مێژوونوسی کورد ئەمین زەکی بەگ بۆ ئامارەکان پشتی بە گەڕیدەکانی ئینگلیز بەستوە و پێی وایە، زانیاریەکانیان وردن (زەکی بەگ، ٢٠٢١: ٤٨٢)

**لایەنی دووەم**: ئەوەیە کە پێویستە جوانی و ئەدەب لە نوسینەکانیان هەبێت، بۆئەوەی سەرنجی بینەر بە لای خۆیان ڕابکێشن، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی زمانەوانیەوە وشەی قوورسیان بەکارهێناوە بۆ بەهێزکردنی هونەری نوسین. ئەمەش ئاماژەیە بۆ شارەزایی گەڕیدە بریتانیەکان لە نوسین و شێوازی کارکردن، بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. لەگەڵ ئەو مەبەستانەی ئاماژەمان بۆ کردوون، ئەوا دڵفڕێنی و چێژ وەرگرتن لە باسکردنی ڕووداوەکان و دیمەنە سروشتیەکان هەبووە، واتا، وەسفێکی دڵگیری پێوە دیار بووە، (Buzard and bad, 1996) بە پێی بێرنارد لویس نەریتێکی گەڕیدەکانە و هەمیشە خوێنەرێکی زۆریان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە (Lewis, 1968) ئەمەش بە شێوەیەکی بەرفراوان لە یاداشت و گەشتنامەکانی بریتانیەکان بەدیدەکرێت. ئەمەش دەکرێت زیاتر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بێت. لەگەڵ ئەوەی پەیامەکەیان دەگەیەنن، لە هەمانکاتدا چێژێک بە خوێنەر دەدەن.

**لایەنی سێیەم**: هەندێکجاریش چیرۆک و سەربووردەی سەیروسەمەرە، پێکەنیناوی و ئەفسانە دەگێڕنەوە، بۆئەوەی سەرنجی خوێنەر ڕابکێشن، بۆ نمونە (ویگرام) باسی لە ئەفسانەیەک کردوە، کە شەیتان کەوتۆتە گفتوگۆ لەگەڵ ئافرەتێک، پێکەوە پلان دادەنێن بۆئەوەی کێشە لە نێوان تازە بووک و زاوایەک دروستبکەن (ویگرام،٢٠١٧: ١٧٧). هەروەها (مارک سایکس) لە وەسفی ناوچەیەک لە جوانی شاخ و درەخت، بۆئەوەی زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕابکێشی ئەفسانەیەک دەگێڕێتەوە دەڵێت: " کچ و کوڕێک یەکتریان خۆشدەویست و پێکەوە ڕایانکرد بۆ چیاکان، لە ئەشکەوتێک مارێکی گەورە دەرکەوت و بەرەو ڕوویان هات، تا بیانخوات، کچەکە نزای لە خودا کرد بیانپارێزێت، مارەکە گۆڕدرا بۆ بەرد و خۆشەویستەکان بوون بە داری هەنار کە لە دەمی مارەکەوە ڕووان" (Sykes,1902:212). ئەوەی جێگەی سەرنجە ئایا کەسێکی وەک (مارک سایکس) کە سیاسەتمەدارێک بوو، چ پێویست دەکات باس لەو جۆرە ئەفسانانە بکات،

ئەگەر پاڵپشتیەک نەبێت بۆ نوسینەکانی بۆئەوەی لای خوێنەر سەرنج ڕاکێشبن، جوانیەکیش بە نوسینەکانی بدات، لەگەڵ پیشاندانی بارودۆخی کۆمەڵگە لەو ڕێگەیەوە. هەروەها ئەفسانەی پاشا سلێمان لە لایەن گەڕیدە هۆبارد (Hubbard,1917:232)، هەمان گەڕیدە چیرۆکی گفتۆگۆی نێوان پڵنگێک و مرۆڤێک (Hubbard'1917:241)، چەندین نمونەی تر لەو شێوەیە لە نوسینەکانیدا هەیە. هەروەها لە یاداشتەکانی گەڕیدەکانی تریش بە هەمان شێوە ئەمە بە ڕوونی دەبینرێت. ئەمەش یەکێکە لە شێوازەکانی نوسینی گەڕیدە بریتانیەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. لە هەمانکاتدا نیشانەیەکە بۆ کۆمەڵگای کوردی، کە لەو سەردەمە گرنگییان بەو بابەتانە داوە و بەشێک بووە لە ژیانی خەڵک، لە ڕووی هەست و ڕۆحییەوە خوویان پێوە گرتووە، یاخود کۆیان کردوونەتەوە، هەر ئەو بابەتانە هەبوونە، کە لە کۆڕ و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتیەکان باسبکرێن.

**لایەنی چوارەم:** گەڕیدە بریتانیەکان لەو سەردەمە لە نوسینەکانیاندا هەمەلایەنە کاریانکردوە و زانیاری جۆراوجۆر تۆمارکردوە، هەروەک (مێجەر سۆن) دەڵێت: "خۆم بە تەنیا وەک مێژوونوس و ئەنترۆپۆلۆگ و زمانەوان و زانیاری بووم" (سۆن ١٩١٠: ١٥) واتا، لەبەرئەوەی بە تەنیا بووە، دەبووایە، بە ناچاری ئەو ڕۆلانە پێکەوە ببینێت، نەک ئەوەی کە پسپۆڕ بێت لێیان، چونکە لە هەمان شوێن ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر نوسینەکانی کەموکووڕیان هەبووبێت، ئەوا هۆکارەکەی ئەوە بووە. لە هەمانکاتدا لە چوارچێوەی کاری سیاسی هەریەکە و لە بوارێکی کۆڵیوەتەوە، یاخود گرنگی زیاتری بە لایەنێک لە لایەنەکانی وڵاتی کوردان و کۆمەڵگاکەی داوە، بۆ نمونە، کۆمەڵەیەک هەبوون گرنگی بە جوگرافیا داوە، وەک: مانسیڵ، و دیکسوون، کێنیس ماسون، هێنری ترۆتەر، سیل، (ئەمانە کەسانی سیاسی و سەربازی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزای جوگرافیا بوون)، لە ئەنجامدا هەمویان ئامادەییان هەبووە لە کوردستان و گەڕان و سووڕانیان کردوە. بەرهەمەکانیان بە شێوەی ڕاپۆرت، گەشتنامە یان یاداشتنامە بڵاوکردونەتەوە. ئەمەش پرۆسەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەیە، هەتا یەکێک لە لایەنە گرنگەکان لە چوارچێوەی گەڕیدەیی بریتییە لە فێربوون (Curiosity)، بۆ نمونە، ئینگلیزەکان هاتوونەتە ناوچەکە و هەوڵی فێربوونی زمانی کوردانیان داوە (ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ١٩٢٠: ژ١٣) یان گەلێک بابەتی تری کولتوری. کەواتە، گەڕیدەیی دەکرێت جگە لە کرداری گەڕان بە شوێنەکاندا، ئەوا ڕەهەندی گەڕان بە دوای زانیاریشدا بگرێتەوە بۆ فێربوون، کەواتە، ئاستی خوێندەواریان باش بووە.

هەرچەندە گەڕیدەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان دەنوسن و باس لە زۆربەی لایەنەکانی کۆمەڵگا دەکەن، بەڵام هەمیشە لایەنێک زاڵە بە سەر هەموو لایەنەکانی تر لە ناو نوسین، بۆ نمونە (ویگرام) لەبەرئەوەی قەشە بووە، کاری موژدەبەری کردوە، ئەوا لە گەشتەکەیدا گرنگییەکی تایبەتی بە لایەنی ئایینی و شوێنەواری ئایینی و پەرستگاکان داوە، لە ناو هەموو گەڕیدەکانی ئینگلیز لە سەرەتای سەدەی بیستەم تەنیا (ویگرام) موژدەدەر بووە، وەک پێشە و شارەزایی، کە ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە لە ساڵی (١٩٠٢) تاکو (١٩١٢) لە لێکۆڵینەوە لە مەسیحییەکان لە

کوردستان بەردەوام بووە. (Vine 1937: 179) لە ساڵی (١٩٢٨) سەردانێکی تری بۆ ناوچەکە کردوە، لە سەر لایەنی ئایینی و مەسیحییەکان کاریکردوە (Berg, 2020)، (هامڵتون) ئەندازیاری شارستانی بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٦ پەیوەندی بە تیمی دەریاوانی بریتانیاوە کرد[٣] لە ساڵی (١٩٢٧) دەبێتە ئەندازیاری بەرپرس لە دیوانیە لە عێراق، دواتر گواستراوەتەوە بۆ کوردستان، چوار ساڵی ژیانی لەوێ بە سەر دەبات (Bloomsbury, Hamilton: 4/3/2024).

مەبەست لێرە ئەوەیە، ئەگەر ئەو گەڕیدانە هەرچەند کەسانی پسپۆڕی سەربازی و سیاسی بن یان ئەرکی تری جیاوازیان هەبێت، ئەوا دەتوانن لەبەر بەرزی ئاستی خوێندەواریان لێکدانەوە بۆ ڕەوشی کۆمەڵایەتی بکەن، کە بەشێک لە نوسینەکانیان بۆ ئەم بوارانە تەرخانکردوە، بەڵام لێکدانەوەیان زیاتر بۆ کۆکردنەوەی زانیاریە نەک لێکۆڵینەوەی زانستی، لە هەمانکاتدا ئەو مێتودەی ئەوان کاریان لە سەر کردوە زۆر گرنگە، چونکە باسیان لە لایەنی باش و خراپی کۆمەڵگایان کردوە، بەلایەنی کەمەوە نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتداران یان لایەنێک. مەبەست لە باسکردنی ئەو تەوەرەیە، لە لایەک بۆئەوەی سەرەتا ئاشنای گەڕیدە بریتانیەکان ببین لەو سەردەمە و لە لایەکی تر بۆئەوەی جۆر و شێوازی کارکردنیان بخرێتەڕوو تاوەکو بتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ دیدی ئەوان بکرێت، لەمەڕ بارودۆخی ڕۆشنبیری، خوێندەواری، هەڵسوکەوت و سروشتی کۆمەڵگای کوردی، کە ئایا کورد و کوردستان لە چ ئاستێکدا بووە، ئەوان چۆن باسیانکردوە و هۆکارەکان چی بوون؟

**تەوەری دووەم: بارودۆخی ڕۆشنبیری و خوێندەواری کوردان و دیدی گەڕیدەکان**

بە شێوەیەکی گشتی سیماکانی ڕۆشنبیری و خوێندەواری لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ناوچەکە بە گشتی بە دەردەکەوتن، لە کوردستانیش ئەو سیمایانە بەرەبەرە بەدیاردەکەوتن، بە تایبەتی سەرهەڵدانی بڵاوکراوەکان، کە هەر لە دوای ڕۆژنامەی کوردستان چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون، لە ڕۆژنامەی کوردستانەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ساڵی (١٩٣٢) کە گۆڤاری هاوار بوو لە دیمەشق نزیکەی (٢٧) بلاوکراوەی جیا جیا لە دەرەوە و ناوەوەی تەواوی کوردستان دەرچوون، هەروەها هێنانی چاپخانە لە لایەن (حوسێن حوزنی موکوریانی) بۆ کوردستان، موکوریانی بۆ یەکەم جار لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کامێرای فۆتۆگرافی هێنایە کوردستان لە سەر ئەرکی خۆی (موکوریانی، ٢٠٠٧: ٩)، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چەندین بڵاوکراوە[٣] دەرچوون لەو سەردەمەدا، بەڵام زۆربەیان نهێنی بوون یان لە دەرەوەی کوردستان چاپدەکران. هەتا لەگەڵ هاتنی دەسەڵاتی پەهلەوی (١٩٢٦) لە ئێران ڕۆژنامەگەری قەدەغەکرا. هەروەها زۆربەیان سیاسی و هەواڵ بوو، زۆر کەم باسی لایەنی کۆمەڵایەتی کردوە (محەمەد، ٢٠٢١: ١٩و ٣٩) ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پێشکەوتنی لایەنی ڕۆشنبیری و خوێندەواری کوردان لەو ناوچەیە.

(مارک سایکس) لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئاماژە بە قوتابخانەی (عەشیرەت) کردوە، بەڵام ئەمە لە لایەن سوڵتانی عوسمانی دامەزراوە بۆ کوڕانی سەرۆک هۆزەکان، کە کورد و عەرەبیشی تێدابوو، لە زۆر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی هەبوو (Sykes,1904:255) بۆیە خەڵکی ئاسایی نەیانتوانیوە بەشداریبکەن، ئەمەش کاریگەری هەبووە لە سەر بە بەرزی مانەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری، هەرچەند لە بڵاوکراوەکان هۆشیاری ڕۆشنبیری ڕەنگی داوەتەوە، وەک گۆڤاری کوردستان کە لە ئەستەمبوڵ دەرچوە لە ١٩١٩–١٩٢٠ بۆئەوەی لە کۆت و بەندی دواکەوتوویی و نەخوێندەواری ڕزگار ببن، (گۆڤاری کوردستان: ١٣٣٥: ژ٧) یاخود لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەراوردی زانست و سامان دەکات، داوا دەکات گرنگی بە زانست و خوێندن بدەن، (ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ١٩٢٠: ژ١٠، ژ١٤).

لێرەدا دەکرێت بپرسین ئەگەر بڵاوکراوەکان زۆربن، ئەی خوێنەرەکانیان دەبێت کێ بێت؟ ئەگەر خەڵکی ئاسایی خوێندەواریان نەبێت، ئەوا کاریگەری کەمتر دروستدەکات لەسەر ڕۆشنبیری  کۆمەڵگای کوردی، ئەمەش ئەو بارودۆخەیە کە لە کوردستان هەبووە، چونکە بە پێی ڕۆژنامەی پێشکەوتن، جگە لە ناوەندی شارێکی وەک سلێمانی، لە هیچ شوێنێکی تر ڕێژەی خوێندەواری لە سەدا دوو زیاتر نەبووە، (ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ١٩٢٠: ژ٧) کەواتە، کێ سودمەند دەبێت لە بڵاوکراوەکان یاخود چۆن سوودی دەبێت بۆ ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگادا. دیارە لە کوردستان ئارەزووی خوێندن کەم بووە، بۆیە بەڕێوەبەری قوتابخانە وەک پاڕانەوە، داوا لە خەڵک دەکات، منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە کە لە مانگی (٩) ساڵی (١٩٢٠) دەکرایەوە و هەموو شت بە خۆڕایی بووە (ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ١٩٢٠: ژ١٨).

ئەو گەڕیدانەی شارەزاییان پەیداکردبوو لە سەر خەڵکی ئاسایی لە کوردستان، ئەوا بڕوایان وایە، کە زۆر دواکەوتوون، بۆ نمونە (ویگرام) دەڵێت: "کوردستان شەش سەدە لە پاش ئەوروپاوەیە" (ویگرام،٢٠١٧: ٢١٠) بەڵام لەم بارەیەوە (ویگرام) پێی وایە، ناکرێت کوردەکان دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەرەخسێت و پێشیان بڵێن دواکەوتوو. ئەمەش نمونەیەکی زۆر جوانی گەڕیدەکان کە دواکەوتووی کوردان لە ئەستۆی خودی کورداندا نیە، بەڵکو دەبێت هۆکاری خۆی هەبێت و پێی وابووە، کە ناوی کورد بە (درندەیی و وەحشی) واتا، مەبەست لە دابەزینی ئاستی خویندەواری و ڕۆشنبیری  لە لایەن هەندێکەوە دەبردرێت، ئەوا نادادپەروەرییە لەگەڵ کوردان دەکرێت، چونکە ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی نەخوێندەواری تیایاندا لە سەدا یەک تێناپەڕێت (ویگرام،٢٠١٧: ٥٣). ئەگەر (ویگرام) ناوی کوردان بە دواکەوتووش بێنێت، ئەوا لەگەڵ ئەوروپییەکان بەراوردی کردوون، لە بواری خوێندەواری، بۆیە پێمان وایە، پێویستە لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکە و پێداویستیەکانی ئەو سەردەمە بەراوردبکرێت نەک ئەوروپییەکان.

لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لە ساڵی (١٩١١) ئاماژە بەوە کراوە، کە ئینگلیزەکان داوای مۆڵەت دەکەن بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە سنووری ئامێدی (باجگر، ٢٠٢٤: ٢٨٥) دەکرێت گەڕیدەکان و

زانیاریەکانیان کاریگەری هەبووبێت لە سەر حکومەتی ئینگلیز کە قوتابخانە بکەنەوە، هەڵبەتە باسی مەنهەج و شێوازەکەی نەکراوە، بەڵام ئینگلیزەکان بەبێ ئامانج قوتابخانە ناکەنەوە، بەڵکو دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە بە ئاسانتر دەستیان بە ناوچەکە بگات، جا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بێت، یاخود ناسینی کولتووری ناوچەکە و بڵاوکردنەوەی کولتووری ئەورووپی خۆیان لە لایەکی تر.

لە ڕاستیدا بە پێی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، هۆکاری دواکەوتووی کوردان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خۆیان بێ ئاگان لە جیهانی دەرەوە (ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ١٩٢٠: ژ١٣) ئەمەش هەڵبەتە دەبێت هۆکاری خۆی هەبێت. لە ڕۆژنامەی (ژیان) ئەوەی ورووژاندوە کە لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، کاریگەری دەسەڵاتی تورکەکان لە سەر لاوازی خوێندەواری هەبووە و دەڵێت " لە هەموو تەرەقیات و مەدەنیەت مەحروم بووینە" بەڵام لە دوای جەنگ، بە هاتنی بریتانیەکان دەرگای ڕەحمەتمان لێ کرایەوە" (ڕۆژنامەی ژیان، ژ١٦٣) ئەگەر ئەمە بۆ باشوری کوردستان هەستانەوەیەک بێت بە رزگار بوون لە تورکەکان، ئەوا لە ناوچەکانی تری کوردستان هێشتا ئەو کۆت و بەندە لە بەردەم خوێندن هەبووە و بەردەوام بووە.

لەبەرئەوەی خوێندن زیاتر ئایینی  بووە و لە حوجرە بووە، بۆیە زانیاری لە سەر زانستە گشتیەکان و کۆمەڵایەتیەکان زۆر لاواز بووە، ئەمەش بۆتە قسە و باسی ناو ڕۆژنامەی پێشکەوتن و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە پێویستە خوێندن هەموو لایەنەکان بگرێتەوە نەک تەنیا ئایین (ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ١٩٢٠: ژ٣). ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات و بڕیاربەدەستان، کە خوێندن فەراهەم بکەن بۆ خودی هاوولاتی یان کوردان یان هەر نەتەوەیەکی تر لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاری یان ئێرانی. لەم بارەیەوە تێبینی ئەوە دەکرێت لە تۆماری گەڕیدەکان، کە کوردەکان پشتگوێ خراون و بە شایانی ئەوە نەزانراون قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە، بەهۆی ئەو ناوبانگە خراپەی کەوتۆتە سەریان، وەک دز و جەردە، بۆ نمونە لە باکوری کوردستان (بۆکستون) ئەوەی خستۆتەڕوو، (بۆکستون) لەگەڵ خانێکی کورد گفتۆگۆی کردوە، لە بارەی قوتابخانە پرسیاری لێ دەکات، "ئایا قوتابخانەتان بۆ دروستدەکەن؟ خانەکەش دەڵێت: قوتابخانە باشە، ئێمەی کورد دەمانەوێت هەبێت، بەڵام هەموو پیاوەکان بە ئێمە دەڵێن دز و جەردە، بۆیە لێمان ناگەڕێن قوتابخانەمان هەبێت" (Buxton,1914:14) لە ڕاستیدا چارەسەری سەرەکی بۆ دواکەوتوویی یان هەتا دیاردەکانی دزی و ڕێگری، ئەوا بوونی قوتابخانە و دەرفەتی خوێندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیرییە نەک پشتگوێخستن، دواجار وای کردوە کێشەکان زیاتر ببن و دیاردە خراپەکان زۆرتر ببن.

هەرچۆنێک بێت هەوڵدراوە بۆ خوێندن لە باشوری کوردستان، دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراق ئێدمۆنز ئاماژەی بەوە کردوە، کە ئیتر خەڵک داوای خوێندنگەی کچانیشیان کردوە. (ئێدمۆنز،٢٠٠٤: ٣٥) بەڵام خودی یاداشتەکانی خۆی لە پەنجاکان نوسیویەتیەوە، چونکە لە

ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەو دەرفەتە نەبووە کچان لە خوێندنگاکان بخوێنن (قەرەناوی، ٢٠٢٢: ٢٤). لە کۆیە قوتابخانەی نەهێشتنی نەخویندەواری لە ساڵی (١٩٢٧) کراوەتەوە بەپێی بەڵگەنامەیەک کە (حوسێن حوزنی موکوریانی) لە ڕۆژنامەی (زاری کرمانجی) بڵاوکردۆتەوە (زاری کرمانجی،١٩٢٧: ٤٨). (هەی) دەڵێت "بارودۆخی کۆیە ئێستا زۆر باش بووە، هەتیوەکان کە لە (هەتیوخانە) بوون فێری پیشە کراون و زۆربەیان چوونەتە کارکردن" (هەی،٢٠١٠: ١٨١)، ئەمەش بەشێکە لە فێرکاری و ڕۆشنبیری بۆ کارکردن. (ویلسن) ئاماژەی بەوە کردوە، کە دەسپێکێک هەبووە بۆ خوێندنی مێینە پێش ساڵی (١٩١٨) لە لایەن دەسەڵاتی عوسمانیەوە، بەڵام زۆر سست بووە، بۆ ئەمەش مامۆستاکان تاوانبار دەکات، کە ناوبانگیان باش نەبووە ( Wilson and Bell, 1920:106) بەڵام ئافرەتانی هۆزی بەختیاری خوێندەواریان باشتر بووە، وەک گەڕیدە (ڕۆز) ئاماژەی پێ کردوە، ئەوان بۆ پەیداکردنی زانیاری ڕوو لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان کردوە، (Ross,1921:109) ئەمەش واتای وایە، ئاستی خوێندەواریان باش بووە، هۆکارەکەشی دەکرێت بۆئەوە بگەڕێتەوە، کە هۆزی بەختیاری لە دەرەوەی سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە، بۆیە ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخساوە تاوەکو بخوێنن. لێردا مەبەست ئەوەیە، لە هەر شوێنێک بارودۆخ گونجاو بوو بێت و دەسەڵات هاوکار بوو بێت، ئەوا خوێندەواریش باش بووە، بەڵام لە کوردستان بە گشتی ئەو دەرفەتە نەڕەخساوە.

لەبارەی ئاستی خوێدەواری کەسایەتیە کوردەکان، زۆرجار بریتانیەکان ناوی کەسایەتیەکان دەهێنن، بۆ نمونە (کاپتن هەی) ئاماژەی بە (ڕەسول ئاغا)ی دزەییەکان کردوە، کە تا ڕادەیەکی باش خوێندەوار بووە (هەی،٢٠١٠: ١٢١) هەروەها لە ناوچەی سەفین (میر ڕەشید بەگ)، خوێندەواریەکی باشی هەبووە و توانیویەتی بە تورکی و فارسی و کەمێکیش عەرەبی بدوێت (هەی،٢٠١٠: ١٤٨) هەروەها (مەلافەندی هەولێر) کەسێکی زۆر پێشکەوتنخواز بوو، ئەو بڵاوکراوانەی لە میسر و تورکیاوە دەهاتن دەیخوێندنەوە (هەی،٢٠١٠: ١٧١)، بەڵام تێبینیدەکرێت، ئەوانەی باسیانکراوە، هەمویان ئاغا و میر و سەرکردەکانن، دەرفەتی ئەوەیان هەبووە خوێندەوار بن. کەچی ئەو دەرفەتە بۆ خەڵکی ئاسایی و چینی خواروو دروست نەبووە، تاوەکو خوێندنی فەرمی بخوێنن. ئەگەر سەرکردەکان ئەو دەرفەتەیان بۆ خوێندن بۆ ڕەخسا بێت ، ئەوا لە گوندەکان (هەی) دەڵێت "لە باشوری کوردستان مەلاکان سەرچاوەی خوێندنن لە گوندەکانی کوردستان" (هەی،٢٠١٠: ٤٣) هەتا هەندێک لە خانەوادەی باڵادەستەکانیش سەرکردەکەنیان نەخوێندەوار بوونە، وەک خانەوادەی حەیدەریەکان لە هەولێر، (هەی) دەڵێت "نوێنەریان (عەزیز ئاغایە) لە ماوەران، کە بە خۆڕسک ساویلکە و نەخوێندەوارە" (هەی٢٠١٠: ١٨٦)، و لەلایەکی تر گەڕیدەکان سەرسام بوونە بە ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی کورد، کە (ئێدمۆنز) هۆنراوەکانی باسکردوە، وەک شاعیری کورد (گۆران) (ئێدمۆنز، ٢٠٠٤: ٢٢٤) و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) (ئێدمۆنز، ٢٠٠٤: ٣٥٤) هەروەها زۆر بە سەرسامیەوە باسی زیرەکی و ئاست بەرزی ڕۆشنبیری (تاهیربەگ)ی لە هەلەبجە کردوە (Edmonds, 1936) و لەگەڵ تۆفیق وەهبی کاریکردوە بۆ دانانی

فەرهەنگی زمانی کوردی (Wahby, Edmonds, 1966). (ئێدمۆنز) بە ڕوونی ئاماژە بە گرنگی ئەدەبیاتی کوردی کردوە، بە تایبەتی نمونەی بە زیندوویەتی هێشتنەوەی زمانی کوردی. (ئێدمونز، ۲۰۰٤: ۳۱) هەرچەندە ئەمانە نوخبەیەکی کەمن و گەڕیدەکان زۆربەیان ئاماژەیان بۆ نەکردون، بەڵام ئەگەر مەبەستیان بووایە لە ڕۆشنبیری کورد بکۆڵنەوە، ئەوا دەبوو گرنگی بە ڕۆشنبیرانی کورد بدەن. لەبەرئەوەی هەریەکە و بە مەبەستێک گەڕانی کردوە، بۆیە ئەوەی بینیویانە و بیستوویانە باسیانکردوە، نەک ئەوەی بە دواداچوون بۆ ڕۆشنبیرانی کورد، بۆئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتی یان تاکی کورد یاخود کۆمەڵگای کوردی بکەن، لەبەرئەوە کاتێک سەردانی گوندێک یان ناوچەیەکیان کردوە و نەخوێندەواری زۆر بووە و هەڵوێستی ناجۆر دەبینن، ئەوا کورد بە دواکەوتوو لە قەڵەمداوە، ئەمەش دەچێتە قاڵبی شێواندن، یاخود هەڵە تێگەیشتن لە کوردەکان لە لایەن خوێنەرانی بەرهەمی گەڕیدەکان. لە ناو مەسیحییەکانیش (ویگرام) ئاماژەی بە گوندی ئەردەلی مەسیحییەکان دەدات، کە هەمویان نەخوێندەوار بوون، نەیاندەزانی کتێبەکانی ناو ئەشکەوتەکە بزانن چیان لەناودایە (ویگرام،۲۰۱۷: ۱۷۱) لە هەمانکاتدا سۆرمای کچی پاتریارک ڕۆشنبیری و خوێندەواریەکی بەرزی هەبووە (ویگرام،۲۰۱۷: ۲۹۷) بۆیە جیاوازیەکی قوڵ لە چینی باڵادەست و چینی خواروو هەیە.

گەڕیدەکان لە بەرامبەر ئەوروپا و پێشکەوتنەکانی جیهان، کوردەکان زۆر بە دواکەوتوو دەبینن، (سۆن) دەڵێت "کوردستان شەش سەدە لە دوای ئەوروپاوەیە" (سۆن،۲۰۱۸: ۳۸٦) و (ویگرام)یش هەمان ڕای (سۆن)ی هەیە (ویگرام،۲۰۱۷: ۲۱۰) و (هاملتون)یش بە هەمان شێوە پێی وایە، کورد زۆر دواکەوتووە لەو ناوچەیە (هاملتون،۲۰۱۳: ۱۰٤). لێرەدا هۆکارەکەی بە ڕوونی باسناکەن، دواکەوتووی لە بابەتی خوێندەواری یان شارستانیەت یاخود بەراورد بە ئەورپییەکان بە چ شێوازێک؟ بەڵام دەکرێت لە هەندێک بارودۆخ و تێکەڵبوون و هەندێک دیاردەی سنووردار، ئەو وێنەیەیان لە لا دروست ببێت، بە تایبەتی پێمان وایە، ئەوان کوردەکان بە سادە و خۆشباوەڕ یان ساویلکە دەبینن، بۆ نمونە، (سۆن) جیاوازی نێوان پێشکەوتنی بریتانیا و کوردستانی کردوە، یەکێک لە کوردەکانیش پرسیاری لێ کردوە، کە ئایا کوردەکان لە ئینگلتەرا هەن بۆ ڕێگری و ڕووتکردنەوەی فارگۆنەکانی شەمەندەفەر؟ (سۆن،۲۰۱۸: ۳۲۸) (کە لە تەوەرەی داهاتوو نمونەی بەرچاو لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو). دەبینین گەڕیدەکانی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی و یاداشتەکانی دوای جەنگ یەکانگیرن لەو بابەتە، هەتا بە تێروانینێکی ڕوناکبیری کورد (مسعود محەمەد) پێی وایە، تا ئێستاش کورد لە دەرەوەی مێژوو دەژیت. (مسعود محمد، دیداری تلفزیونی Ktv ۱۹۹۸) ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە و لە سەر هەندێک ڕوناکبیرانی کورد بە دەردەکەویت، کە بە درێژایی مێژوو بە هۆی دواکەوتوویی یاخود ناکۆکی لە ناوخۆی کوردان بەدیکراوە. بەڵام بە پێی (ویڵ دیورانت) بۆ پێشکەوتنی ژیان دەکەوێتە سەر چەندیەتی دڵەڕاوکێ و ترس، ئەگەر ئەوە هەبوو، ئەوا ڕێگە دەگرن لە ئازادی بیرکردنەوە، لە ئەنجامدا کاریگەری دەکاتە سەر گەشەی ژیان. (دیورانت، ۲۰۰۷: ۱۹) ئەمەش ئەو بارودۆخەیە کە لە کوردستاندا

هەبووە لەو سەردەمەدا، وەک ژێردەستەیی و چەوسانەوە و پشتگوێخستن، بۆیە دواکەوتوویی لە ناو کوردان تێبینیکراوە و هەبووە و گەڕیدەکانیش باسیانکردوە.

لە هەمانکاتدا، ئەوەی تێبینیدەکرێت لەبارەی کورد و شارستانیەت لە لای (مارک سایکس)، ئەوا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی، کوردەکان دەتوانن بە ماوەیەکی کەم خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ژیاری شارستانی، بە تایبەتی کاتێک (مارک سایکس) لە ساڵانی (١٩٠٧) لێکۆڵینەوە لە دروستکردنی سکەی شەمەندەفەر کردوە، ئەمەی بۆ ڕوون بۆتەوە، کە ئەگەر کوردەکان نیشتەجێبن، ئەوا بە ئاسانی شارستانی دەبن[٤] بەوەی کە ئیشکەرن و بەرهەمەکانیان بە بازاردەکەن (Sykes, 1907) کەواتە، جگە لە نەخوێندەواری هەندێک لایەنی تری ئابووری و بازرگانی کاریگەری لە سەر دواکەوتوویی ناوچەکە هەبووە، گەڕیدەکان بە هۆکاری دواکەوتووییان بینیوە، وەک درایڤەر لە (١٩٢١) لە لێکۆڵینەوەکانیدا دواکەوتوویی شارستانی دەبەستێتەوە بە لاوازی گواستنەوە ( Driver, 1921) ئەمەش پەیوەستە بە دەسەڵاتی ئەوکاتە، کە تاچەند گرنگی بە ناوچە کوردیەکان داوە، بۆ نمونە، بە پێی (ویگرام) ڕێگاکان ئاسانن بۆ چاککردن، بەڵام گەندەڵی تێدا دەکرێت و چاک ناکرێن، دەڵێت: "تورک و عەرەب کارەکانیان تا سەر نابەن، بۆ نمونە، چەندین ئامێری گواستنەوە کەشتی تێکشکاو هەیە تەنیا کەمێک قیر پێویستە بۆئەوەی بکەونەکار، بەڵام نایکەن" (ویگرام، ٢٠١٧: ٢٥٤) لێرەدا دەسەڵات ڕۆڵدەبینێت، کە کوردستانیش بووەتە قوربانی ئەم بارە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان هۆکاری دواکەوتوویی خوێندن و لاوازی تەندروستی، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی تورک و فارس، کە ناوچە کوردیەکانیان پشتگوێخستبوو. (کاکەآمین و احمد،٢٠١٩) کەواتە، بۆ دواکەوتوویی هۆکاری خۆی هەبووە، نەوەک ئەوەی کوردەکان لە بنەڕەتدا وابوون، بۆیە ناکرێت بە وتەیەکی سادەی گەڕیدەکان، کە دەڵێن 'کوردەکان دواکەوتوون' ئیتر جێگیر ببێت و ببێتە جێگەی باوەڕ، بەڵکو پێویستە هۆکارەکان بخرێنەڕوو، ئەگەرنا دەبێتە شێواندنی وێنەی کورد و مێژوو و دابونەریتیان. ئەگەر کاریگەری دەسەڵات بە نمونە باسبکرێت، تویژەرەکانیش ئاماژەیان بەو پێشکەوتنە شارستانیەتە کردوە، کە لە باشوری کوردستان لە سەردەمی ماندوێتی بریتانی ١٩١٨-١٩٣٠ هاتۆتەکایەوە (گۆرگاس، ٢٠٢٢: ٢١). ئەمەش ئەو ناوچەیەی کوردستان بە جیاواز دەردەکەوێت لە چاو هەموو ناوچەکانی تر، هەرچەند ئەگەر گەڕیدەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی ڕۆژهەڵاتناسی کاریان بۆ مەبەستی خۆیان کردوە، بەڵام دەسەڵاتی کرداری وڵاتەکەیان ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە لە سەر ئەو ناوچەیەی دەسەڵاتیان گەیشتووتێ لە ڕووی شارستانیەت و کرانەوە.

ئەگەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بریتانیەکان دید و بۆچوونیان بەو شێوەیە بووبێت، لە باکوری کوردستان سەبارەت بەوەی کوردەکان ئامادەییان تێدا بووە، کە بەرەوە شارستانیەت بچن، ئەوا بە هەمان شێوە لە باشوری کوردستانیش ئەوەیان بۆ سەلماوە، بۆ نمونە، لە جیاوازی کورد و عەرەب لە دیدی بریتانیەکان، ئامادەیی کورد بۆ نیشتەجێبوون، کە دەتوانن زووتر

شارستانیەت وەربگرن لە چاو عەرەبەکان، ئەوا تێڕوانینی هەی وایە "عەرەبەکان زۆربەی کات سروشتی خۆیان بە ڕەوەند دادەنێن و ناکرێت نیشتەجێبکرێن، بەڵام سروشتی کوردەکان شوانکاریە، ئەوا یان ناچارن یان وەک نەریتێک ڕەوەندن، ئامادەیی نیشتەجێبوونیان تێدایە و هەر کاتێک هەڵبکەوێت، باشترە نیشتەجێ ببن." (هەی،٢٠١٠: ٥٠) دیسان لە ڕاپۆرتێکدا (مێجە نوێل) بە ڕوونی ئاماژە بە جیاوازی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی کردوە، پێی وایە، کورد لە هەموان زیاتر ئامادەییان تێدایە، بۆئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن و شارستانیەت بنیات بنێن، لە هەمانکاتدا نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو کوردە کۆچەرەکانی ئەمریکا و ئەفریقا ناوبانگیان بە باشی چووە، خۆیان گونجاندوە لەگەڵ هەلومەرجی شارستانیەت، هەروەها لە عەجەمستان لە پیشە و کارکردن گەیشتوونەتە پلەی وەزیفی باڵا (نوێل، ٢٠٠١: ٤٣-٤٤)

**دووەم: ڕەنگدانەوەی خۆشباوەڕی و دواکەوتوویی کوردان لە دیدی گەڕیدە بریتانیەکان و هۆکارەکانی:**

خۆشباوەڕی یەکێک بووە لە دیاردە باوەکان، لە ناو یاداشت و گەشتنامەکانی بریتانیەکان ڕەنگی داوەتەوە. هەرچەند لە جیاوازی نێوان کورد و نەتەوەکانی تر، گەڕیدەکان زیاتر کوردەکان بە ئەرێنی و باشتر دەبینن لە نەتەوەکانی تری دەوروبەریان، بەڵام ساویلکەیی کوردان، یەکێک بووە لەو لایەنانەی، کە زۆربەی گەڕیدەکان لە سەری کۆک بوون، ئەمەش هەڵبەتە هۆکاری خۆی هەبووە بە تایبەتی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و لاوازی پەیوەندی کوردەکان بە جیهانی دەرەوە لەو سەردەمەدا. لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن ئاماژە بەوە کراوە، لە بابەتێکدا کە ئینگلیزەکان هاتوونەتە ناوچەکە و هەوڵی فێربوونی زمانی کوردەکان دەدەن، کەچی خودی کوردەکان لە پێشکەوتنەکانی جیهان بێ ئاگان (ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ١٩٢٠: ژ١٣) لێرەدا بارودۆخ و هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و دەروونیەکان لەو سەردەمەی، کە کەسێک تێیدا دەژی، کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتیەکەی، کە چۆن دەربکەوێت باش یان خراپ. (وەردی، ٢٠١٥: ٢٠٢) بۆیە هەڵسەنگاندنەکان پێویستە لە دیدی ئەو سەردەمەوە بکرێن بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان. کاتێک گەڕیدەکان دواکەوتوویی کوردەکان یان ساویلکەییان باسکردوە، بە هۆی ئەو بەریەک کەوتنەی گەڕیدەکان لەگەڵ کوردەکان بۆیان دەرکەوتوە و باس لەو دیاردانەیان کردوە، خۆشباوەڕی کوردیان لە لا گەلاڵە بووە، بەڵام ئایا تاچەند بەستویانەتەوە بە بارودۆخی ئەو سەردەمە و هۆکارەکان چ بوونە، ئەوا لێرەدا هەندێک لەو نمونانە ئاماژەیان بۆ دەکرێن و دەخرێنەبەرباس و لێکۆڵینەوە و هۆکارەکانی دەستنیشاندەکرێن.

یەکێک لە نمونەکان (مارک سایکس) پێی وایە، کورد سادەیە و خۆش باوەڕە، چونکە خۆی زوو کەشف دەکات و بە چەند پرسیارێک دەتوانیت هەموو شتەکانی بزانیت، بۆ نمونە، دەڵێت؛ "پرسیارمان دەکرد لە کوردێک کە کەست کوشتوە، لە وەڵامدا گوتی، بەڵێ، شازدە کەسم کوشتوە یان بۆ ڕێگری دەڵێت، بەڵێ، لە کاتی پێشتر ئەو کارەمکردوە" (Sykes,1907) بۆیە بە تێڕوانینی

ئینگلیز ئەمەیان سادەیی و ساویلکەیی کوردە، بەڵام دەکرێت لە لای کورد خۆی، ئەمە ڕاستگۆیی بێت، کەواتە، تێگەیشتن لەواقعی دابونەریتەکان و ژیاری خەڵکی کوردستان لە دیدی گەڕیدەکان جیاوازە هەم لە واقع و هەم لە دیدی خودی خەڵکەکە، دەکرا (مارک سایکس) بڵێت: کوردەکان ڕاستگۆشن، یاخود جیایان بکەنەوە و بڵێن، لە دیاردەیەک یان لە لایەنێکی تایبەت دواکەوتوون نەک بە گشتی. خودی یاداشتەکانی کوردەکان وەک بیرەوەریەکانی (کاپیتان حەمەدی مەولودی (١٩٠٧-١٩٧٩) بە ڕوونی ئاماژە بە دواکەوتوویی کورد کردوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەڵام بە تایبەت لە بابەتی بیروباوەڕی ئایینی یان تەریقەتەکان وەک پیاهەڵدانی شێخەکان لە لای موریدەکانیانەوە، یاخود بە پیرۆز زانینی سوڵتانەکانی عوسمانی، کە دەڵێت: لە باوکم بیستوە پێی وابووە "سولتان ڕەشادی تورکان لە سەر بەرماڵی پێغەمبەر (د.خ) نوێژیکردوە" لە هەمانکاتدا لە سابلاغ کاتی هاتنی عوسمانیەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەوانەی گوێرایەڵیان نەکردبا و نەهاتبانە مزگەوت بۆ کۆبوونەوە و ملکەچ بوون بۆ تورکان، ئەوا لە سێدارە دەدران، یاخود دەڵێت؛ "باوکم کە سوفی بووە، جارجار ئاوی دەستنوێژی شێخەکانی دەهێنایەوە و بە کەوچک دەیدا بە ئێمە و دەمانخواردەوە" (مەولوودی ، ٢٠٢٢: ٣٩-٤٢) کەواتە، ئەو توندوتیژیەی لە لایەن عوسمانیەکانەوە لە بەرامبەر کورد دەکرا، هۆکاربووە بۆئەوەی ملکەچبن. لە هەمانکاتدا بیروباوەڕیان هەر لەگەڵ ئەوان پتەو بووە، یاخود پیرۆزی شێخەکان گەیشتوتە ڕادەیەکی زۆر بەرز، ئەمەش لە ئەنجامی مێژوویەکی دوورودرێژی سوفیگەریە لە کوردستان، کە تا ئێستاش کاریگەریەکەی لە هەندێک شوێن ماوە (تەوەککولی،٢٠١٥) کە بە لای هەندێکەوە، ئەمە خۆشباوەڕییە یان ساویلکەیی و دواکەوتوویيە لە ناو کورددا، گەڕیدەکانیش زۆرجار ناوی کوردەکان بە ساویلکە و دواکەوتوو بردوە، ئەوا ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە کاریگەریان لە سەریان هەبووە، کە بەو شێوەیە ناوببردرێن. ئەمانە و چەندین نمونەی تر لە یاداشت و گەشتنامەی گەڕیدەکان ڕەنگیداوەتەوە.

هەتا شێوازی ڕێزگرتنی میوان لە هەندێک شوێن، لەوانەیە ببێتە هۆکارێک کە کوردەکان بە ساویلکە دەربکەون، بۆ نمونە، (ئێدمۆنز) ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، "دوو گوند پێشبڕکێیان بوو لە سەر ئەوەی کێ دەعوەتمان دەکات، بۆیە ناچار بووین جەمەکانمان دابەشکرد، نیوەڕۆ لە گوندێک و ئێوارە لە گوندەکەی تر" (ئێدمۆنز،٢٠٠٤: ٤٤٢) لێرەدا زۆر سەیر و سەمەرە دەبێت بۆ بیانیەک، کە بۆچی بەو شێوەیە ڕێزیاندەگرن، یاخود کێبڕکێ دەکەن لە سەر دەعوەت، بەڵام لەبەرئەوەی گەڕیدە بریتانیەکان ئەو زانیاریەیان هەبووە لە سەر کورد کە میوان دۆستن (هەی،٢٠١٠: ٥٣) (Hubbard,1917:228)، بۆیە بە شتێکی ئاسایی وەردەگرن. کەچی بۆ ئەوانەی شارەزاییان لە سەر کورد نیە، بە سەیر و سەمەرەی وەردەگرن و بە ساویلکەیی لێکدەدەنەوە.

بە گوتەی (ویگرام) لە باکوری کوردستان، دەڵیت، "شوانێکمان بینی داوامان لێیکرد، کە وێنەی بگرین، بەڵام ئەو کامیراکەی بە تفەنگ تێگەیی و ڕاستەوخۆ خۆی ئامادەکرد بۆ بەرگری"

(ویگرام،٢٠١٧: ١٧٦) ئەم جۆرە ڕووداوانە لێرە و لەوێ و ئەو تێروانینە لە لای گەڕیدەکان دروست دەبێت، کە کوردەکان دواکەوتوون، چونکە کامێرایان نەبینیوە، ئەمەش لە چوارچێوەی بەرنامەی ڕۆژهەڵاتناسی، کە پێی وایە، ڕۆژهەڵاتیەکان دواکەوتوون، بۆیە دەبێت بەڕێوەببرێن یان فێربکرێن (سعید، ٢٠١٨: ٩٧) ، بەڵام ئایا لە ڕۆژئاواش شوانکارەکانیان ئاشنابووینە بە جیهانی کامێرا و کەلوپەلی تەکنولۆژی؟

نمونەیەکی تر (ویگرام) باسیکردوە، لە نسیبین هەندێکیان لە ناو قەلاکە دەژین، بەڵام باوەڕیان وایە، قەڵاکە لە لایەن دێو و درنجەوە دروستکراوە، نەک مرۆڤ (ویگرام،٢٠١٧: ٢٥٠). لە هەمان شوێن لە ماڵەکە بووە قسە و باسی تفەنگەکەی قونسولەکە، کە خاوەنماڵەکە زۆر دڵی لای تفەنگەکە بووە، پێشنیازیکردوە بۆ قونسولەکە کە تفەنگەکەی لەگەڵ بووکە تازەکەی سەودای پێ بکات (ویگرام،٢٠١٧: ٢٥١) دیسان لەبەرئەوەی کوردەکان بە تەنز و بۆ خۆشی و پێکەنین زۆرجار گفتۆگۆی وا دروستدەکەن بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرامبەرەکەیان، ئەمەش هەر یەکێک بووە لەو بابەتانە، بەڵام بۆ گەڕیدەیەک، کە دەیەوێت هەموو شتێک تۆماربکات، ئەوا ئەو جۆرە باسانە وەک خۆی باسدەکەن، ئاماژە بەوە ناکەن، ئایا بە جددی بووە یاخود بە گاڵتە، کوردەکە ئەو مامەڵەیەی کردوە. ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە بۆ شێوانی وێنەی کوردەکان. هەروەها بۆئەوەی کوردەکان بە ساویلکە ببینن و وێنایانبکەن، ئەم نمونەیەش بە هەمان شێوە لەیەکدەچن، کاتێک دوو دیاکۆنی کەنیسە لە قەدشانش خۆیان بەچەکەوە ئامادەکردبوو، داوایان لە ئینگلیزەکان کردبوو، بچن بۆ ئەفریقا، بۆئەوەی ئینگلیزەکان فێربکەن، کە چۆن لە پشت بەردەکانەوە شەڕبکەن، لەبەرئەوەی لە ساڵی (١٩٠٠) زیانی گەورە بەر ئینگلیزەکان کەوتبوو لە جەنگێک لە ئەفریقا (ویگرام،٢٠١٧: ٢٩٩)

نمونەی تر زۆر هەیە، کە گەڕیدەکان باسیانکردوون، بۆ نمونە، تورەیی کوردەکان بۆتە جێگای سەرنجی بریتانیەکان، (سۆن) پێی وایە، کوردەکان زوو تورە دەبن، هەتا خانێکی هەرکی پەنجەکەی بە دەمانچە پەڕاند، لەبەرئەوەی مێشێک پێوەیدا بوو، زوو زوو دەیخوراند و ئازاری هەبوو، بۆیە جنێوێکی بە باوکی مێشەکەدا و کارەکەی ئەنجامدا (سۆن،٢٠١٨: ٣٨٩). (ویگرام) تۆماریکردوە، کە لە بەرامبەر چارەسەری ددانی، پیاوێکی کورد پیشنیازێکی سەیری بۆ دکتورەکە کرد و گوتی: "سەیرکە ئەفەندی تۆ مەسیحیت وایە؟ من وەکو موسلمانێک دەبمە خاوەنی ٧٠ حۆری لە بەهەشتدا، ئێوە هیچتان بەرناکەوێت، ڕاتان چۆنە من بەشێکتان بدەمێ؟ بۆ نمونە دوو حۆری" (ویگرام،٢٠١٧: ٣٦٢) ئەم نمونانە ڕاستە ساویلکەیی پیشاندەدەن، بەڵام دەبینین، ئەوانە نمونەی چەند کەسانێکن، کە گەڕیدەکان باسیاندەکەن ناڵێن کوردەکان وا بیردەکەنەوە، یاخود هەموویان بەم شێوەیەن، بۆیە هەرچەند ئەمە گشتگیر نەبێت، لە هەمانکاتدا بۆ گەڕیدەکان دەبێتە خاڵێکی نەرێنی و دواکەوتوویی، کە دەکرێت هەندێکجار بدەنە پاڵ هەموو کوردەکان بە گشتی. بە هەمان شێوەی نمونەی پێشووتر، کە باسمانکرد، لەبەرئەوەی کوردەکان زیاتر کۆمەڵایەتین،

بۆیە هەمیشە گفتۆگۆی دڵخۆشکەر یان پێکەنیناوی دروستدەکەن، لە بەرامبەردا ئینگلیزەکان زیاتر جدیین، بۆیە دەکرێت کوردەکە، کە دەڵێت، دوو حۆری بە ئێوە دەدەم، ئێمە نازانین ئایا بە گاڵتە وای گووتوە یان هەر بە ڕاستی گووتویەتی، چونکە (سۆن) دەڵێت "نەریتێکی کورد (سلێمانیەکان) ئەوەیە، بێگانەکان بە گاڵتەوە دەترسێنن" (سۆن،٢٠١٨: ٢١١) لە لایەکی تر بە تێروانینی (شکور مستەفا)، کورد لەگەڵ بەرامبەرەکەی هەتا دوژمنەکانی خۆی زیاتر لێبووردە (متواضح)یە یان نەیویستوە خۆی بە گەورەتر لەوان بزانێت (شکور مستەفا، دیداری تەلەفزیۆنی Ktv ١٩٩٨) جا ئەمە ئەگەر نەریت بێت یاخود نوکتەئامێزی، ئەوا کوردەکان بە خۆشباوەڕ یان ساویلکە و لە ئەنجامدا دواکەوتوو وێناکراون لە لایەن گەڕیدەکانەوە. بە پێی بەراوردی (سۆن) بۆ کوردەکانی باکور و باشوری کوردستان، پێی وایە، کوردەکانی باشوریش هەمان پێناسەیان هەیە، بەڵام کەمێک ئارامترن و گیانی نوکتەئامێزیان هەیە لە هەر کارێک کە دەیکەن. (سۆن،٢٠١٨: ٣٨٩) کەواتە، نوکتەئامێزی لای کوردەکان شێوازی گفتوگۆیان پیشاندەدات، کە پێویستە تێگەیشتنێکی باش هەبێت لە لای گەڕیدەکان بۆ واتای قسەکردنیان، بەڵام ژمارەیەکی کەم نەبێت وەک (سۆن)، ئەوا زۆربەی گەڕیدەکان زمانی کوردیان بە باشی نەزانیوە، ئەمەش جێگەی گومانە، کە چۆن ئەو گەڕیدانە لەو بابەتانە گەیشتوون، کاتێک گێراویانەتەوە، بۆ نمونە (مس بێل) دەڵێت، "کاتێک لە ناو ئێزدیەکان بووین، کێشەکەمان ئەوەبوو، کە زمانێکی هاوبەشمان نەبوو لەگەڵ کوردەکان، بۆئەوەی هەستەکانمان پیشانی یەکتر بدەین" (Bell,1924:72). بۆ ئەو ڕووداوانەی بە چاوی خۆیان بینیویانە، ئەگەر ڕاستیەکەیان زیاتر بێت، بەڵام بۆ ئەوانەی کە لە زاری کەسێکەوە دەبیستن یان لە وەرگێڕێکەوە وەریدەگرن و تۆماریدەکەن جێگای گومانە.

خۆشباوەڕی و ساویلکەیی کورد و بڕوا بوون بە ئەفسانە و جنۆکە، ڕەنگدانەوەی هەبووە لە تۆماری بریتانیەکان، کە ئاستی ڕۆشنبیری کوردان پیشاندەدات، لەم بارەیەوە (هاملتون) دەڵێت: "کاتێک لە ناو ئەشکەوتەکە بووین، چراکان کوژانەوە، ئێمە دەمانزانی هۆکارەکەی هەوای پیس و کەم ئۆکسجین بوو، بەڵام کوردەکان وایاندەزانی، ئەمە کاری جنۆکە و جادوییە (هاملتون،٢٠١٠: ٢٠٥) ئەمەش بۆ ڕووداوێکی ناو ئەشکەوت و گروپێک کوردە و سنووردارە، بەڵام (هاملتون) کە باس لە شێوە گشتیەکەی کورد کردوە، پێی وابووە، ساویلکە نین و بە چاوێکی تیژەوە سەیری جیهان دەکەن و بە قوولی حەزیان لە گوڕانکاریە نوێیەکانە لە زانیاری و پیشەسازیدا (هاملتون،٢٠١٠: ٢٦٨) لێرەدا شوێن ڕۆڵدەبینێت، ئەوانەی شوانکارەن تێکەڵ بە جیهانی دەرەوە نەبوونە، بەراوردبکرێن لەگەڵ ئینگلیزێک کە بە فرۆکە و شەمەندەفەر گەشتی کردوە، بە دڵنیاییەوە جیاوازیەکی گەورە دەبینرێت.

کاتێک کوردەکان شتێکی نوێ دەبینن پرسیاری سەیر لەبارەیەوە دەکەن، بە واتای ساویلکەیی نیە، بۆ نمونە، هاملتون باسیکردوە، کە یەکەم جار ڕادیۆ یان بینی منداڵەکانیان لە دەوری کۆکردنەوە و پرسیاریان دەکرد، ئایا ئەو دەنگە لە کوێ دێت؟ ئایا دورە؟ (هاملتون،٢٠١٠:

٢٧٣) ئەمەش ناکاتە ساویلکەیی، بەڵکو دورەدەستییان لە جیهانی دەرەوە و بێئاگابوون لە گۆڕانکاریەکان (کە لە تەوەرەکانی ڕابردوو هۆکارەکانمان خستەڕوو)، و سەبارەت بە پرسیارکردن لە لای کورد، ئەوا (سۆن) دەڵێت: "نەریتی کوردەکانە، کە پرسیاری زۆر دەکەن" (سۆن،٢٠١٨: ٣٣٦) ئەمەش واتای ئارەزووی کوردانە بۆ فێربوون و زانیاری، بەڵام (هاملتون) باشتر لەو بابەتە گەیشتوە و دەڵێت: "هەر سروشتی قسەکردنی ڕۆژهەلاتیەکان وایە شێوە پرسیاریە" (هاملتون،٢٠١٣: ٢٦٠) بۆیە تێگەیشتنی بیانیەکان لە سروشتی ئەو گەلانەی بۆی دەچن، ئەگەر بە تەواوی تێکەڵیان نەبن و نەیناسن، ئەوا لە وەسفکردنیان دەکەونە هەڵەوە، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین لایەن، کە پێویستە لیکۆڵینەوەی وردی لێ بکریت، لەمەڕ دیدی گەڕیدەکان بۆ وەسفکردنی هەر لایەنێکی کوردەکان، بۆ نمونە (هەی) دەڵێت: "کورد بە کەسیکی زیرەک دەڵێن شێت" (هەی،٢٠١٠: ١٢١) بۆ ئەمە کوردەکان لە بەینی خۆیان تێدەگەن، بەڵام بۆ بیانیەک لەوانەیە بە خاڵێکی نەرێنی یان سەیر لێکبداتەوە.

## ئەنجام

گەڕیدە بریتانیەکان کۆمەڵگای کوردەواری لە ڕووی ڕۆشنبیری و خوێندەواری بە دواکەوتوو دیوە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ لاوازی کەرتی خوێندن یان هەر نەبوونی قوتابخانە لە زۆر شوێن دەگەڕێتەوە. هۆکارێکی تر پشتگوێخستنی ناوچە کوردیەکانە لە لایەن دەسەلاتەوە، تەنیا چینێکی بالادەست دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساوە لەو سەردەمەدا. ئەمەش کاریگەریەکی ئەوتۆ ناکات و بە گشتی نابێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، لە هەمانکاتدا گەڕیدەکان کەمتر باسی ئەو چینە ڕۆشنبیرەیان کردوە، کە لە کوردستان هەبوون، بەڵام بە گرنگ و سەرسوڕمانەوە ئاماژەیان بۆ کردوە.

گەڕیدە بریتانیەکان خۆشباوەڕی یان سادەیی کورد باسدەکەن، ئەمەش بە هۆی تێڕوانینی ئەوان بۆ هەندێک هەڵسوکەوت و دابونەریتی کوردەکان دەگەڕێتەوە، کە بە لای ئەوانەوە ساویلکەییە، بەڵام لە بنەڕەتدا لە لای کورد ڕاستگۆی یان گیانی نوکتەئامێزییە وایکردوە، وەها دەربکەون. لە هەمانکاتدا بە پێی ئەو نەخوێندەواریەی هەبووە، ئەو دیاردەیە لە هەندێک شوێن لە ناو کوردەکاندا تێبینیکراوە، ئەوا ناکرێت گشتگیر بکرێت، گەڕیدەکان جگە لە (ویگرام)، کەمتر هۆکارەکەیان پیشانداوە، بەڵکو زیاتر ڕووداو و بارودۆخەکەیان کە بینیوە تۆماریانکردوە.

لە لایەکی تر زۆربەی گەڕیدەکان زمانی کوردیان نەزانیوە، بۆیە ئەوەی کەسێکی تر ڕووداوێک (با ڕاستەوخۆش بێت) بۆ گەڕیدەیەک بگێڕێتەوە، ئەویش تۆماریبکات، دەکرێت هەڵەی تێبکەوێت بە تایبەتی لە ناوەڕۆک و مەبەستی باسەکە، لە ئەنجامدا شێواندنی وێنای کوردی لێکەوتۆتەوە.

گەڕیدە بریتانیەکان لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە، بەراوردی کورد لەگەڵ ئەورووپیەکان و خۆیان کردوە، کە ئاستی خوێندەواریان بەرز بووە. لەمەش بۆشاییەکی گەورە لە جیاوازی دەبینرێت لە ڕووی پێشکەوتنەوە. بۆیە کوردەکان لە بنەڕەتدا دواکەوتوو نین، کە گەڕیدەکان باسیدەکەن، چونکە لە لایەکی تر باوەڕیان وایە، کە ئەگەر دەرفەتیان بۆ برەخسێت، ئەوا زیاتر شارستانی دەبن و نیشانەکانی پێشکەوتن و شارستانیەت و ڕۆشنبیر بوون تیایاندا باشترە لە چاو نەتەوەکانی تری دەوروبەریان.

**پێشنیازەکان:**

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەویە، پێشنیازمان ئەوەیە، لە لایەک زیاتر گرنگی بە گەڕیدەکان بدرێت، بە تایبەتی وەرگێرانی بەرهەمەکانیان بۆ سەر زمانی کوردی، لە لایەکی تر لێکۆڵینەوە لە گەلێک لایەنی تری ژیاری کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردەکان بکرێت، بۆئەوەی ئەگەر هەر شێواندنێک بۆ کۆمەڵگای کوردی کرابێت، دەستنیشانبکرێت، چونکە بەرهەمی گەڕیدەکان وەک سەرچاوەی ڕەسەن پشتی پێ دەبەسترێت.

**پەراوێزەکان:**

١ ئیدگار ویگرام ئامۆزای ریڤ ویگرام بووە، پێکەوە گەشتیان بە کوردستاندا کردوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەردووکیان یەک گەشتنامەیان هەبووە و نازناوەکەشیان هەروەکو یەکە، بۆیە لە کاتی سەرچاوەگرتن تەنیا نازناوەکە (ویگرام) دەنوسین، کە ئاماژەیە بۆ هەردووکیان.

٢ خاتوو فرێیا ستارک (لە دایکبووی ١٨٩٣، پاریس، فەرەنسا– ١٩٩٣، ئاسۆلۆ، ئیتاڵیا کۆچی دوایی کردوە) نوسەر و گەشتیاری بریتانی، کە بە هۆی کتێبی زۆر کەسیەوە ناوبانگی دەرکردوە، تیایدا باس لە مێژوو و کولتووری ناوخۆیی و ژیانی ڕۆژانە دەکات. زۆرێک لە گەشتەکانی بۆ ناوچە دوورە دەستەکانی تورکیا و وڵاتی فارس و بە گشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، کە پێشتر کەم ئەورووپی و بە تایبەتی ژنان گەشتیان بۆ کردوە. (Britanica, 14/3/2024 on https://www.britannica.com/biography/Freya-Stark )

٣ وەک ڕۆژنامەکانی (بیستون، ١٩٠٧) ، (اتفاق، ٢٢ی کانونی یەکەمی ١٩١٠) ، (اخبار، ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٦) ، (افسانه ١٩١٨) ، (تازه اران ١٩١٥–١٩١٦)، (تمدن، ١٩٠٧) (رستخیز ١٩١٥) (شهاب ثاقب ١٩٠٧) (صباح ١٩٢١) و چەندانی تر وەک (طليعه صبح، فروردين، فریاد، غرب اران، كردستان، كرمانشا، کورد، کوردستان مێشنێری، کوردستان)، کە ئەمانە هەمویان لە نێوان ساڵانی ١٩٠٦ – ١٩٢٥ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچوونە. بڕوانە (محمد، کارزان، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی کوردستان – ئێران، ١٩٢١).

٤ مارک سایکس هەر ئەو کەسە بوو، کە دوای ئەو راپۆرتە پاش ٩ ساڵ، واتا، لە ١٩١٦ لە رێککەوتننامەی سایکس بیکۆت (بڕوانە The Sykes-Picot agreement 1916, (https://avalon.law.yale.edu/20th_century/sykes.asp هیچ حسابێکی بۆ کوردەکان نەکرد، واتا، کوردستان دابەشکرا، کە لە لای هەموو کورد ناسراوە، ئایا تێروانینی مارک سایکس گۆڕاوە یاخود هۆکارەکەی چ بووە. ئەوا لە ڕووی سیاسیەوە، دەکرێت لێکۆڵینەوەی زیاتری لە سەربکرێت بۆئەوەی هۆکارەکەی دەستنیشانبکرێت.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**کوردی:**

**پەرتووک:**

باجگر، نەوزاد یەحیا (٢٠٢٤) "ئامێدی (عەمادیە) لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٢٢٦-١٣٣٨ کۆچی، ١٨١١-١٩٢٠ زاینی" و: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی شانزە، زانکۆی جیهان خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان.

تەوەککولی، محەمەد ڕەئوف (٢٠١٥) " مێژووی تەسەوف لە کوردستان" و: یوسف زاهیر هەورامی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

دیورانت، ویڵ (٢٠٠٧) "مێژووی شارستانێتی" و: ئازاد بەرزنجی، نەبەز کەمال نوری، دانا ئەحمەد مستەفا، بەرگی یەکەمی چاپی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

درایڤەر، گ. ر، (٢٠١٨) "درایڤەر و کورد" و: ئەنوەر سولتانی، چاپەمەنی مانگ، بانە.

زەکی بەگ، محمد ئەمین. (٢٠٢١) "خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان" بەرگی دووەم، بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین، سلێمانی.

سعید، ئێدوارد. (٢٠١٨) "ڕۆژهەلاتناسی" و: د.محسن ئەحمەد عومەر، ماڵی وەفایی، هەولێر.

سۆن، ئی. بی، (٢٠١٨) "گەشتێک بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان لەبەرگی نادیاردا" و: مینە

سۆن، ئی. بی، (٢٠٠٧) "ڕاپۆرتێک لەسەر سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان" و: مینە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

قەرەناوی، بەشدار عمر (٢٠٢٢) "ڕۆڵی سیاسی و کۆمەلایەتی ژنی کورد لە باشوری کوردستاندا ١٩٢١-١٩٥٨"، چاپخانەی هیڤی، هەولێر.

گورگاس، جۆردی تێجێل (٢٠٢٢) "بزاڤی شارستانی لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ماندێتی بریتانیدا: سلێمانی ساڵانی ١٩١٨-١٩٣٠" و: محەمەد حەمەسالح توفیق، لە پەرتوکی "چەند بابەتێکی کوردناسی" چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

لیچ. ئی. ئار، (٢٠٠٥)، "ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی ڕەواندز" و: عزیز گەردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

موکوریانی، کوردستان، (٢٠٠٧) ، "سەرجەمی بەرهەمەکانی حسێن حوزنی موکوریانی" چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.

مێجەر نوێڵ (٢٠٠١) "سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد" و: سدیق سالح، چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی.

محەمەد، کارزان (١٩٢١) "ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی کوردستان - ئێران ١٩٠٦-٢٠١٩ز" سلێمانی.

هانسن، هێنی هارۆلد (١٩٨٣) "ژیانی ئافرەتی کورد" و: عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغداد.

ویگرام، (٢٠١٧) "لانکەی مرۆڤایەتی ژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" و: حامد گەوهەری، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

وەردی، عەلی (٢٠١٥) "لێکۆڵینەوەیەک لە سروشتی کۆمەڵگای عێراقی" و: فەیسەڵ خلیل، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

"یاداشتەکانی مێجەر نوئێل لە کوردستان"، (١٩٨٤) و: حسێن احمد جاف، حسێن عثمان نێرکسەجاری.

مەولوودی، حەمەد (٢٠٢٢) "کوردبوون، بەشێک لە بیرەوەریەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی ١٩٠٧-١٩٧٩ " ئامادەکردنی: وریا ماملێ، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

هاملتن، ا. م. (٢٠١٣) "ڕێگایەک بە کوردستاندا"، و: د.عەلی عەبدولرەحمان عەسکەری، چاپخانەی هەولێر، هەولێر

هەی، دەبلیو ئار، (١٩٢٠) "دوو ساڵ لە کوردستان" چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ئێدمۆنس، سیسیل جۆن، (٢٠٠٤) " کورد تورک عەرەب" و: حامید گەوهەری، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

**گۆڤارە ئەکادیمیەکان:**

کاکەآمین، دارا توفیق و احمد، لوقمان برایم (٢٠١٩) کاریگەری پەیوەندیەکانی تورکیا و ئێران لەسەر ڕەوشی تەندروستی و خوێندن لە کوردستان ١٩٢-١٩٤٥، "گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین" ، (ب ٦، ژ١ )، ل ٥٩٩-٦٢٦.

**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**

ڕۆژنامەی زاری کرمانجی (١٩٢٧)"لە کوی (نەوی) قوتابخانە بۆ نەخوێندەواران" حوسێن حوزنی موکریانی ، ژ(٧).

سالح، رفیق و سدیق (٢٠١٢ ) 'ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی سلێمانی، ژ: ١-١١٨، چاپخانەی شڤان، سلیمانی.

ڕۆژنامەی پێشکەوتن (١٣ می ١٩٢٠) "خوێندن" ع. ژ(٣).

ڕۆژنامەی پێشکەوتن (١٠ جون ١٩٢٠) "بۆ خذمەتی قائیمقام و مودیرانی کیرام ڕجای مەخصووص" ژ(٧).

ڕۆژنامەی پێشکەوتن (١ جولای ١٩٢٠) "علم ثروت کامیان چاکە" م.م، س.ز، ژ (١٠).

ڕۆژنامەی پێشکەوتن (١٥ جولای ١٩٢٠) "کرد و میوان پرستان" کاپتن هولت، ژ (١٣).

ڕۆژنامەی پێشکەوتن (٢٩ جولای ١٩٢٠) "خوێندن" ت.فائق، ژ (١٤).

ڕۆژنامەی ژیان، (٢٠٠٣) ئامادەکردنی: ڕەفیق سالّح، (ژ٨٢-٢٥٩)

ڕۆژنامەی ژیان (٢١ کانون ثانی ١٩٢٩) "حقیقتێک" ژ (١٦٣).

گۆڤاری کوردستان (١٩١٩-١٩٢٠) ئامادەکردنی: سدیق سالح و رفیق سالح. ئەستەمبوڵ، ژ (١-١٩).

گۆڤاری کوردستان (٨ مایس ١٣٣٥) "هێشتا نوستوین" اردەلانی داور، ژ (٧).

**کەناڵی تەلەفزیۆنی:**

مسعود محمد، و شکور مستەفا (١٩٩٨) "نەتەوەی کورد" دیداری تەلەفزیونی Ktv : لینک https://t.me/kurdistanbooks

**عەرەبی:**

عمر، محسن احمد (٢٠١٥) "کورد و کوردستان عند الرحالة الفرنسیین فی القرن (١٧،١٨،١٩) المیلادیة" ت: حسیب الیاس حدید، دار سردم، سلیمانیة.

**English Sources:**

**Books:**

Bell, G. (1924) ‘’**Amurath to Amurath**’’, Macmilan and Co. Limited, St. Martins Street, London.

Buxton, N. and Buxton, H. (1914) **Travel and Politics in Armenia**, New York.

Edmonds, C. J. (1957) “Kurds Turks Arabs Politics Travel and Research in North-Eastern Iraq1919-1925. London Oxford University press, New York Toronto.

Fowle T. C. (1916) “Travel in the Middle East, Being impressions by the Way in Turkish Arabia, Syria, and Persia” E. P. Dutton and Company, New York

Hamilton. A. M. (1958) “**Road Through Kurdistan**” Faber Limited, London.

Harpur, B، (1991). Bridge to Victory: Untold Story of the Bailey Bridge. Stationery Office Books.

Hay. W. R. (1921) “**Two Years in Kurdistan 1918-1920**” Sidgwick & Jackson, London.

Hubbard, G. E. (1917) “**From the Golf to Ararat**” E.P. Dutton and Company, New York.

Ross, E. N. M. (1921) ,A Lady Doctor in Bakhtiari Land , London, Leonard Parsons Portugal Street.

Stark, F (1934) ‘’The Valleys of the Assassins and other Persian Travels’’ Grosvenor Chater, London.

Soane, E. (1910) “To Mesopotamia and Kurdistan in disguise: with historical notices of the Kurdish tribes and Chaldeans of Kurdistan”. Small Maynard, Boston.

Sykes, M. (1904) “Dar-ul-Islam” Bickers and Son, London.

Vine, A. R. (1937) “The Nestorian Churches: A concise History of Nestorian Christianity in Asia from the Persian Schism to the Modern Assyrians” Independent Press Ltd, London.

Wigram, R. (1914) “The Cradle of Mankind Life in Eastern Kurdistan”, London.

Wahby, T, and Edmonds, C.J. (1966) “A Kurdish-English dictionary”, 1966, Oxford Press

**Journals and Articles:**

Amedroz, (1909 ) ‘’Notes on Two Articles on Mayyāfāriqīn,Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland’’, pp. 170-176.

Amedroz, H. F. (1902) Three Arabic MSS. on the History of the City of Mayyāfāriqīn, Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, pp. 785-812.

Amedroz, H. F. (1903) The Marwānid Dynasty at Mayyāfāriqīn in the Tenth and Eleventh Centuries A.D. Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, pp. 123-154

Buzard, J, Bad, B.and Others (1996) “Resent Works On Travel Writing: Tourism, Literature, and the Ways to Culture, 1800-1918, The Journal of Modern History, Vol. 68, No. 3, pp. 617-628.

Dickson, B. (1910) ‘Journey in Kurdistan’. (4) 35 “*The Royal Geographical Society*” . pp. 357-378.

Driver G. F. (1921) ‘’The Natural and commercial Products of northern Kurdistan’’ The Asiatic Review, Vol. XVII, pp. 49-52.

Edmonds, C. J. (1931) A Visit to Alamut in 1920, The Geographical Journal, Vol. 77, No. 6, pp. 555-558.

Edmonds, C. J. (1936) ‘’Soane at Halabja and Echo’’, Journal of the Royal Central Asian Society,, V. XXIII, pp. 622-625.

Lewis, B. (1968) “Some English Travellers in the East” Middle Eastern Studies, Published by: Taylor & Francis, Ltd., Vol. 4, No. 3, pp. 296-315.

Mason, K. (1919) ‘Central Kurdistan’ (6) 54 “*The Geographical Journal*” . pp. 329-342.

Maunsell, F. (1890) “Reconnaissances in Mesopotamia Kurdistan North West Persia and Lurstan” Government Central Painting Offices.

Maunsell, F. (1901) ‘Central Kurdistan’. (2) 18 “*The Geographical Journal*” . pp. 121-141.

Molyneux-sell, L. (1914) ‘A Journey in Dersim’, (1)44 “*The Geographical Journal*” . pp. 49-68.

O’Shea. T. Maria, (1997) The Image from the Outside European Travelers and Kurdistan before The Great war, *Geopolitics and and international boundaries*, pp. 70-89.

Sykes, M. (1907), Journey in North Mesopotamia, “The Geographical Journal” Vol. 30, No. 4 pp. 384-398.

Wilson. A. and Bell, G, (1920) “Review of the Civil Administration of Mesopotamia” Indian Office, London.

Sykes-Picot Agreement 1916, https://avalon.law.yale.edu/20th_century/sykes.asp, accessed 25-11-2023.

**Doctoral Thesis Unpublished:**

Muhammed, Q. M. (2017) “Kurds and Kurdistan in the View of British Travellers in the Nineteenth Century”, unpublished Doctoral Thesis, School of History, Politics & International Relations University of Leicester.

**Websites and links**

Britanica ( Accessed 14/3/2024) on: https://www.britannica.com/biography/Freya-Stark

Bloomsbury, ‘’A.M. Hamilton’’ on: https://www.bloomsbury.com/ca/author/a-m-hamilton/ accessed (4/3/2024)

# الثقافة والوعي الاكراد في نظر الرحالة البريطانيين (١٩٠٠-١٩٣٢)

ا. م. دلگش سعيد سيدو

قسم العلوم الانسانية، فاكولتي التربية. جامعة سوران، سوران، اقليم كوردستان، عراق.

ب. م. د. ئامانج احمد مصطفى

قسم التاريخ، فاكولتي الاداب. جامعة سوران، سوران، اقليم كوردستان، عراق.

الملخص:

تركز هذه الدراسة على الجوانب الثقافية للأكراد من وجهة نظر الرحالة البريطانيين في الثلث الأول من القرن العشرين. وقد كشف الرحالة البريطانيون الكثير من المعلومات عن الأكراد وكردستان، منذ تلك الفترة أصبحت أعمالهم مصادر أصلية لذلك عندما نتحدث عن الجوانب الثقافية للاكراد ايضا يتم الحديث عن تخلفهم و سذاجتهم. فإننا نحقق فيما إذا كان ينسب ذلك إلى الكرد عمدا أم أنها طبيعة الكرد وهل المستوى الفكري الكردي متقدم أم متخلف في ذالك الوقت وما هي الأسباب. ومن حيث أساليب وكيفية جمع المعلومات والصياغة، قمنا في هذه الدراسة أولا بتحليل سجلات ومذكرات الرحالة ومقارنتها بتاريخ الأكراد وكردستان استنادا إلى مصادر أخرى في ذلك الوقت للوصول إلى النتيجة الصحيحة. وخلاصة النتائج أنه بالرغم من وجود علامات الأمية والتخلف وضعف الذكاء في المجتمع الكردي إلا أن هناك أسباب لذلك. وقد قيمها الرحالة على المستوى الأوروبي، أو ربطوها بتقاليد إقليمية معينة، بينما ثبت أن الأكراد، لو أتيحت لهم الفرصة، سوف يتحضرون بشكل أسرع من الأمم المحيطة بهم.

**الكلمات المفتاحية**: الكردية، المسافرون، البريطانيون، الثقافة، محو الأمية، التخلف.